www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7:39 28-9-2006

## هەزارفیکی یاسا بەفاکێکی یۆلحی عەشایەری ... سالار توتمانی

خاك بەسەر ئەو مەملەکەت و دەسەڵاتەی دادگایشی هەیە و دیوە خانیش.. کۆلیژی یاسای ئێواران وبەیانیانیشی هەیە ولەهەمان کاتیشدا بنکەی کۆمەڵایەتی لەهە موو قەزاو ناحیەکدا..

خێڵ وتیرەیەك نەماوە لەکوردستاندا سەنتەرێکی بۆخۆی قوت نەکردبێتەوەو پاشگرێکی ڕوناکبیری یان ڕۆشنبیری بەخۆیەوە نەلکاندبێت و بودجەیەکی لەلایەن دەسەڵاتی حیزبێکەوە بۆنەبڕابێتەوە..

لی... لەزۆر ناوچەی دورە دەستی ئەم مەملەکەتە دووفاقیەدا تائێستا دەستی دادوەریی یاسایی نەگەیشتوەتی _لەهەندی شوێنیش دا شوێنی دادوەر لەخانووی کرێدایەو کرێچی خەڵکە، بەڵام نەمبیستووە ئاغایەك مام کوێخایەك لەخانوی کرێدابێت وکرێچبێت یاخود سەرۆك هۆزوو سەرۆك تیرەیەك دیوەخانانەی نەبووبێت مەگەر خۆی نەیویستبێت. ئەگەر لەخوێندکارێکی کولیژی یاساش بپرسیت مانگی چەند وەر دەگریت..

دەڵێت بڕی 30/000 سی هەزار دینار ی چاپ _لەکاتێکدا ئەو خوێندکارە دەبێت سەدان بڕگە وفەقەرە و مادەی یاسایی لەمێشکی بترنجێنێت و جێگای بکاتەوە.. وەختێك کۆلیژ تەواو دەکات ودەبێتە پارێزەر یاخود دادوەر و تاوانبارێك بەفلان یاساو فیسارفەقەرە سزادەدات.. ؟ دەبێت ئەوەی لەپێش چاوبێت کە یۆڵحێکی عەشایەری ڕێسەکەی دەکاتەوە بەخوریو، دواتر خەنجەر لەبەر پشتوێنێك لە (کون فەیەکونێك) دا گەردنی ئازاد دەکات وبەبڕگەی گەورە بەبجوك یان پێدانی چەند دەفتەر دۆلارێك تەواوی بڕگە یاساییەکان وچەکوشە بلاستیکیەکەی دادگاش بێدەنگ دەکات.

سەیرە کەلەوەدایە لەپێش هەموو ڕەعیەت وعەوامەکانەوە بەرلەهۆزوو تیرەکان، کەسایەتیە سیاسیو یاساناس وقانون خوێنەکان زیادەتر بڕوایان بەیۆلحی عەشایەری وفەقەرەو بڕیارەکانی دابوو نەریت هەیە، ئەوانن هەموو فیکێکی یاسادەدەن بەفاکێکی عەشایەری.

بۆ یە هەق وایە ڕاگری کولیژی یاسا بۆساڵی داهاتوی خوێندن بڕگەو مادەکانی یۆلحی عەشایەری و داب نەریتی تیرەو هۆزەکان بخاتە مەنهەجی بەشی یاساوە، چەندانە لەسەرۆکی ئەو هۆزانەی کوردستان بۆ وتنەوەی وانەکانی عەشایەری بانگ هێشت بکات و محازەرەی تایبەتیان پێبەخشێت، هەتا شان بەشانی دیراسە زانستە یاساییەکان خوێندکاران فێری مومارەسەی ئەم جۆرە ئەقلانەش ببن

گەر کۆلیژی یاسا کار بەم پێشنارانە نەکات، هەق وایە خوێند کارانی ئەم بەشە مان بگرن یان خۆیان لەسەر گیرفانی خۆیان یەکی مامۆستایەك لەسەرۆك هۆزوو تیرەو جیزبەکان بۆخۆیان بگرن تادواجار ڕەنج بەخەسار نەبن